# بەرەو ئەنارکیزم

ئێریکۆ مالاتێستا

و. لە فارسییەوە: هەژێن



لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان

ژمارە (٤)، ئایاری ٢٠١٠

# بەرەو ئەنارکیزم

ئێریکۆ مالاتێستا

**و. لە فارسییەوە: هەژێن**

خـــوێنـەرانـی هێــژا، لـە ڕاســتیدا لـە ئـەرشــیڤی نووسـەر "ئێریکــۆ مالاتێستا"دا نامیلکەیەك بەنێوی "بەرەو ئانارکیزم" پەیدا نابێت یا ئەگەر هەشبێت، من لێی ئاگادار نیم و بۆ یەکەمجار پارساڵ بوو شتێکی وا بە زمانی فارسی دەرکەوت.
ئەم وتارانەی کە لەم نامیلکەدا هاتوون، هەموویان وەك تاك وتار لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا بڵاوبوونەتەوە، کە نووسەر یا هاوکار یا سەرپەرشیگەریان بووە. تەنیا ئەوە نەبێت کە نووسەر وتارێکی بەو نێوەوە هەیە و لێرەشدا هەر بەو نێوەوە هاتووە. من وەك وەرگێڕی کوردی ئەم وتارانە، لەبەر گرنگی بابەتەکان و پاراستن و پاکی لە گواستنەوەدا هەر بە هەمان نێوەوە، کە وەرگێری فاسی ئامادەی کردوون، نامیلکەکە بڵاودەکەمەوە؛ واتە بەنێوی "بەرەو ئەنارکیزم".

وەك وەرگێڕێك، سەرەڕای پابەندیم بە بنەماکانی وەرگێڕان و لەبەرچاوگرتنی چاوەڕوانی خوێنەرانی هێژا، هەوڵم داوە بەپێی توانا و ئەو شارەزاییانەی کە تا هەنووکە لەلام گەڵاڵە بوون، خەمی پاراوی و خاراوی زمانی نووسینم بدەن. هەر بۆیە لێرەدا بەجێ و گونجاوی دەزانم، کە داوا لە خوێنەرانی هێژا بەگشتی و زمانزانان بکەم، هەر هەڵەیەك لە ڕێنووس یا باری ڕێزمانی یا کەموکوڕییەك لە وەرگێران و نەگەیاندنی واتا و مەبەستی نووسەر، بەرچاویان دەکەوێت، سوپاسگوزاریان دەبم، ئەگەر ئەرکی ئاگادارکردنەوە و ڕەخنە ئاراستەکردنی بکێشن.
چونکە ئەگەر خەمی خوێنەری بەدەربەست و ڕەخنەگری پەیگیر نەبێت، مالی زمانی کوردی لە ڕوخانداپە و لەشکری نووسەرانی زماننەزانان، خەریکی داگیرکردنی پانتایی ڕۆشنبیرییمان.

ژیاننامە

بەرەو ئەنارکیزم

دێمۆکراسی و ئەنارکی

شۆڕش لە پراکتیکدا

ئەفسانەی میریی باش

لە بارەی دادگەییکردنمەوە:

خەباتی چینایەتی یا نەفرەتی چینایەتی؟

# Errico Malatesta ئێریکۆ مالاتێستا

ئێریکۆ مالاتێستا (14ی دێسەمبەری 1853 – 22ی جولای 1932) ئەنارکیستێکی یاخی بوو. زۆربەی ژیانی لە دوورخراوگە لە دەرەوەی وڵاتەکەی ئیتالیا بەسەربرد و بەسەریەکەوە زیاتر لە 10 ساڵی لە زینداندا بەسەربرد. چەند ڕۆژنامەیەکی رادیکاڵی نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە.

مالاتێستا لە سانتا ماریا کاپوا ڤێتەرە Santa Maria Capua Vetere، لە هەرێمێك لە کاستێرتا Casterta (باشووری ئیتالیا) لەدایك بووە. وی بەهۆی نامەیەکەوە کە بۆ شا (ڤیکتۆر ئیمانوێلی دووەم)ی نووسی بوو، دەستگیر کرا، کە تێیدا سکاڵای لە نادادوەرییە خۆجێییەکان کردبوو، ئەوە یەکەمین زیندانیبوونی درێژماوەی بوو و تەمەنی تەنیا 14 ساڵ بوو.

کاتێك کە لە دانشگەی ناپلس Naples، لە بواری پزیشکیدا خەریکی خوێندن بوو، لەتەك کۆماریخوازی مازانیان ئاشنا بوو؛ بەڵام لە ساڵی 1871دا بەهۆی بەشداری لە خۆپیشاندا لە دانشگە دەرکرا، بەرادەیەك بەهۆی شەیدایی بۆ کۆمونەی پاریس و بەرادەیەکیش بەهۆی دۆستایەتی لەتەك کارملو پالادینۆ، بە لکی ناپلس ئەنجومەنی نێونەتەوەییەوە پەیوەست بوو و لە هەمان ساڵیشدا بە شێوەی خۆفێرگەری چاککردنەوەی ئامێر و ئەلەکتریکاری فێر بوو.

ساڵی 1872 چاوی بە میخایل باکونین کەوت و لەتەك وی لە

کۆنگرەی نێونەتەوەیی سنت ئایمەر بەشادری کرد. مالاتێستا، چوار ساڵ دواتر، کۆمەکی پاگەندەی نێونەتەوەیی لە ئیتالیا کرد؛ دووبارە وی بە هۆی ئەو چالاکییانەوە دەستگیر کرایەوە.

لە ئەپریلی 1877دا، مالاتێستا، کارلۆ کافیرۆ Carlo Cafiero لە کۆڕی Russian Stepniak ئەندام بوون (کۆڕێك بوو لە ڕوسیە لە سەدەی 19دا، کە Sergius Michaelovitch Kravchinski سەرۆکی پۆلیسی نهێنی روسیەیان لە ساڵی 1878دا بە خەنجەر کوشت).

مالاتێستا و کارلۆ کافێرۆ و ئاندریا کۆستا Andrea Costa and Carlo Cafiero لەتەك 30 کەسی تر، یاخیبوونێکیان لە هەرێمی بێنێڤێنتۆ Benevento دەست پێکرد و بەبێ پێکدادان دەستیان بەسەر گوندەکانی لێتینۆ Letino و گالۆ Galloدا گرت. شۆڕشگێڕەکان بەڵگەنامەکانی باج و سەرانەیان سووتاندن و کۆتایی میرایەتی پاشانەیان ڕاگەیاند و پێشوازییان لێ کرا: تەنانەت کەشیشێکی خۆجێیی پشتیوانی خۆی لێیان ڕاگەیاند. بەڵام پاش بەجێهێشتنی گالۆ لەلایەن سەربازانی میرییەوە دەستگیر کران و پاش 16 مانگ زیندانی بەر دران.

پاش کۆمەڵێك هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر خێزانی پاشایەتی و پارێزەرانیان، کەسانی ڕادیکاڵ کەوتنە بەرچاودێری بەردەوامی پۆلیس. تەنانەت وێرای ئەوەی کە ئەنارکیستەکان ڕایان دەگەیاند هیچ پەیوەندییان بەو هێرشانەوە نییە، مالاتێستا، کە لایەنگری شۆڕشی کۆمەڵایەتی بوو، ئەویش کەوتە ژێر ئەو چاودێرییانە. پاش گەڕانەوەی بۆ ناپل، وی ناچار بوو بە تەواوی

ئیتالیـــا بەجـــێ بهێڵێـــت، بە هـــۆی ئەم هەلـــومەرجەوە، خـــولی دوورخراوەیی ئەو دەستی پێکرد.

ساڵی 1878بۆ ماوەیەکی کورت چووە میسر و سەردانی ژمارەیەك لە دۆســـتانی ئیتالیـــایی کـــرد، بەڵام زۆر بە خیرایـــی لەلایەن کونسولگەری ئیتالیاوە لەوێ دوور خرایەوە. لە کاتی گەشتەکەیدا و پاش کارکردنی لەسەر کەشتییەکی فەرەنسی و ڕێگرتن لێی لە چوونە ناو بۆ سوریە، تورکیە و ئیتالیا، لە شاری مارسی دابەزی و لەوێـــوە چـــووە جنێـــڤ لە سویســـرا و دواتـــر تێکەڵ بە هەنـــدێك کۆڕوکـۆمەڵی ئەنارکستی بـوو. لەوێنـدەرێ لەتەك ئێلیـزە ڕێکلـو Elisée Reclus و پیتەر کرۆپـۆتکین Peter Kropotkin کـۆمەکی دەرکردنی بڵاوکراوەی La Révote کرد. ئەگەر چی وی زۆر زوو لە سویسرا دەرکرا و لە ساڵی 1880دا، پاش تێپەڕبوونی بە ڕۆمانیا، پاریس و بەلجیکا بەرەو لەندەن گەشتی کرد.

مالاتێســتا لە لەنـــدەن وەك بەســـتەنی (گێمەڕ) فرۆش و میکانیـك کـــاری دەکـــرد و لە ســـاڵی 1881دا لە کـــۆنگرەی نێونەتەوەییـــدا بەشداری کرد، کە لەوەوە نێونەتەوەیی ئەنارکیست پەیدا بوو. لە ســـاڵی 1882دا چـــووە میســـر تـــاکو لە دژی داگیرکارییەکـــانی ئینگلتەرە خەبات بکات، دواتر پاش ساڵێك بە نهێنـی گەڕایەوە ئیتالیـــا. لە فلـــورانس دەســـتی بە بڵاوکـــردنەوەی هەفتەنـــامەی ئەنارکیستی پرسی کۆمەڵایەتی La Questione Sociale کـرد، کە تێیـــدا خۆشەویســـترین نـــامیلکەی لەنێـــوان جوتیـــاران Fra Contadini بـۆ یەکەمیـن جـار بڵاوکـردەوە. مالاتێسـتا لە سـاڵی 1884دا گەڕایەوە ناپلس، لە بارێکدا کە چاوەڕێ بوو سێ ساڵ لە

زیندان بەسەر ببات – تاکو پەرەستداری (سەروکاری) قوربانیانی نەخۆشی کولێرا Cholera بکات. جارێکی تر، وی بۆ هەڵهاتن لە زیندان لە ئیتالیا رایکرد و چووە ئەمەریکای باشووری. لە ساڵی 1885ەوە لە بوینس ئایریس ژیا، لەوێندەرێ وی دەستی بەبڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی La Questione Sociale کرد و لە پێکهێنانی یەکەمین یەکێتی کرێکارانی خەباتکار لە ئەرژەنتین، یەکێتی نانەواکان بەشداری کرد و لەوێ کارایی ئەنارکیستی لە بزاڤی کرێکاریدا بۆ ساڵانی دواتر بەجێهێشت.
لەتەك گەڕانەوەی بۆ ئەوروپا لە ساڵی 1889دا، وی رۆژنامەیەکی بەنێوی L' Associazione لە شاری نیس (شارێك لە باشووری فەرەنسە) تاکو ئەو دەمەی کە ناچار بوو بە خێرایی بەرەو لەندەن هەڵبێت، بڵاو کردەوە. بۆ هەشت ساڵی دواتریش مالاتێستا لە لەندەن نیشتەجێ بوو، بەڵام گەشتگەلێکی نهێنی بۆ فەرەنسە، سویسرا و ئیتالیا دەکرد و لەتەك تریدا دێل مارمۆل Tarrida del Marmol بۆ کۆنفرانسێك لە ئیسپانیا گەشتی کرد. بە درێژایی ئەو ماوەیە وی بەشێك لە نامە گرنگەکانی، لەوانە L'anarchiaی نووسی. پاش ئەوە لە ساڵی 1907دا مالاتێستا لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی ئەنارکیستی ئەمستەردام بەشداری کرد، لەوێدا مشتومڕێکی دووقۆڵی لەتەك پییەر مۆنات Pierre Monatte دەربارەی پەیوەندی ئەنارکیزم و سەندیکالیزم کرد. مۆنات وای نیشاندەدات، کە سەندیکالیزم شۆڕشگێڕانەیە و هەلومەرجی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەسەبەر دەرەخسێنێت، لە کاتێکدا کە مالاتێستا ئاوای دەربڕی کە سەندیکالیزم بە تەنیا بەس نییە. وی پێ وابوو، کە یەکێتییە پیشەییەکان ڕیفۆرمیستن و تەنانەت هەندێك جار بۆی هەیە کۆنەپارێز بن. هەروەها لەتەك

کریستیان کۆرنێلیسێن Christiaan Cornelissen، یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەمەریکایان بە نموونە هێنایەوە، کە ئەو یەکێتییەکانی کرێکارانی شارەزا، هەندێك جار بۆ پارێزگاری لە ڕێوشوێنی تاڕادەیەك بەرتەری خۆیان لەتەك کرێکارانی سادە دەکەونە ناکۆکییەوە. مالاتێستا ساڵی 1912 لە دادگەی پۆلیسی شەقامی بۆو police court bow street بە تاوانی سووکایەتی و سنووربەزاندن داواکرا، کە بە بڕیاری سێ مانگ زیندانی و پێشنیاری دوورخرانەوە کۆتایی هات. ئەم بڕیارە لە ڕێی کەمپەینی چاپەمەنییە ڕادیکاڵەکان و خۆپیشاندانی ڕێکخراوە کرێکارییەوەکانەوە هەڵوەشێنرایەوە.
مالاتێستا پاش جەنگی جیهانی یەکەم، دواجار بۆ دوایین جار گەڕایەوە ئیتالیا. دوو ساڵ پاش گەڕانەوەی، لە ساڵی 1921دا میری ئیتالیا دووبارە ئەوی زیندانی کردەوە، بەم جۆرە وی دوو مانگ پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی فاشیستەکان لە زیندان ئازاد کرا. لە ساڵی 1924وە تا 1926، ئەو دەمەی کە بێنیتۆ مۆسیلینی تەواوی چاپەمەنییە سەربەخۆکانی سەرکوتکرد، مالاتێستا گۆڤاری پێنسییرۆ ئێ ڤۆلۆنتا Pensiero e Volontà بڵاوکردەوە. هەرچەندە وی بەر ئازاردان کەوت و گۆڤارەکەی کەوتە ژێر سانسووری میرییەوە، دوا ساڵەکانی تەمەنی بەڕادەیەك بەئارامی بەسەربرد و وەك ئەلەکتریککارێك ژیانی دەگوزەراند. پاش ساڵانێك ناڵان لە دەست لاوازی کۆئەندامی هەناسە و هەناسەتەنگی، تووشی ئاسما بوو و پاش چەند هەفتە وێڕای ئەوەی کە 1500 لیتر ئۆکسجینیان لە چەند کاتژێردا پێدا، بە هۆی ئەو نەخشییەوە مرد و ڕۆژی هەینی 22ی جولای 1932 گیانی لەدەست دا.

# بەرەو ئەنارکیزم

باوەڕی گشتی ئەوەیە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە خۆمان بە شۆڕشگێڕ نێو دەبەین، چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت کە ئەنارکیزم بە یەك لێدان بەدی بێت؛ لێدان وەك سەرەنجامی دەستبەجێی یاخیبوون، کە بە توندوتیژییەوە هێرش بۆ هەرچییەك کە هەیە دەبات و بە پێکهاتەی کەتواری تازە جێگەی دەگرێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم تێڕوانینە تەنانەت لە نێو هەندێك هاوڕێیاندا کە شۆڕش بە وەها شێوازێك دەرك دەکەن، بوونی نییە.

ئەم دەمارگیرییە ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی ئەم هەندێك لە نەیارە ڕاستگۆکان، پێیانوایە کە ئەنارکیزم شتێکی نەلواوە؛ هەروەها ئاواش ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی هەندێك لە هاوڕێیان، لە بارودۆخی هەنووکەیی مۆڕاڵی خەڵکی بێزارن و لە بارێکدا کە ئەنارکیزم توانای نییە بەم زووانە ڕوو بدات، ئەوان لە نێوان پەیگیرییەکی هزریی توندڕەوانە، کە ئەوان لە بینینی کەتواری ژیاندا کوێر دەکات و هەلپەرستییەك کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کاردا لەبیر بکەن، کە ئەنارکیستن و دەبێت بۆ ئەنارکیزم تێبکۆشن، لەمبەر و ئەوبەردان.

بەهەر بارێکدا سەرکەوتنی ئەنارکیزم ناتوانێت سەرەنجامی پەرجوویەك بێت؛ واتە ناتوانرێت لە ناکۆکی لەتەك یاساکانی گەشەکردندا (وەك سەلمێندراوە هیچ گەشەکردنێك بەبێ هۆکار ڕوونادات) بێتە دی، هیچ شتێك بەبێ ئامرازی پێویست و گونجاو بێتەدی.**

ئەگەر ئێمە بمانەوێت میرییەك لەجێی میرییەکی تردا دابنێین، واتە سەپاندنی ئارەزووەکانی خۆمان بەسەر کەسانی تردا، بۆ بەرهەڵستی لەبەرامبەر چەوسێنەرانی ڕاستەقینە، تەنیا تێکەڵاوکردنی هێزە مادییەکان پێویستە، ئەویش بە خۆخستنە جێی چەوسێنەران.

بەڵام ئێمە ئەمەمان ناوێت، ئێمە ئەنارکیزمێکمان دەوێت، کە تێیدا کۆمەڵگە لە سەر ئازادی و هاریکاری خۆخواستانە بنیات نرابێت- کۆمەڵگەیەك کە تێیدا هیچ کەس ناتوانێت خواستەکانی بەسەر کەسانی تردا بسەپێنێت و تێیدا هەمووان بتوانن هەر کارێك کە پێیان خۆشە ئەنجامی بدەن و لەتەك یەکتردا خۆخواستانە کۆمەکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە بکەن. بەڵام لەبەر ئەم هۆیە ئەنارکیزم سەرکەوتنی یەکجاری و جیهانی نابێت، مەگەر ئەوەی هەموو خەڵکی نەك تەنیا نەیانەوێت فەرمان بەرن، بەڵکو مەبەستی فەرماندانیشیان نەبێت؛ ئەنارکیزم ئەنجامێك بەدەستەوە نادات، مەگەر ئەوەی خەڵکی باشەی یەکگرتن تێبگەن و بزانن چۆن شێوەیەك لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخەن، کە تێیدا چیتر نیشانەیەك لە زۆر و توندوتیژی نەبێت. هەروەها بە هەمان شێوە کە ویژدان، ویست و توانای لێهاتوویی مرۆڤەکان بەردەوام پەرەدەسێنیت و لە ئاڵوگۆڕی بەرەوپێشچووی دەوروبەری تازەدا، توانای خۆدەردەبرنیان دەبێت و ئارەزووەکانیان بەدیهاتوون و لەتەك بارودۆخ بەدی هاتوودا دەگونجێن، ئەمە باری ئەنارکیزم دەبێت؛ ئەنارکیزم توانای ڕوودانی نییە، مەگەر بەرە بەرە و لەسەرخۆ، بەڵام لێبراوانە، بە

توندی و فراوانییەکی زۆرەوە گەشە دەکات.

بەم پێیە، پرسەکە ئەوە نییە، کە ئایا ئەنارکیزم هەر ئەمڕۆ، سبەینێ یا لە نزیکەی 10 سەدەدا بەدیدەهێنین، بەڵکو ئێمە ئەوڕۆکە، سبەینێ و هەردەم بەرەو ئەنارکیزم هەنگاو دەنێین.

ئەنارکیزم هەڵوەشاندنەوەی بەهرەکێشی و چەوسانەوەی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە، واتە هەڵووەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی و میرایەتی (حکومەتی). ئەنارکیزم لەناوبردنی بەدبەختییە، ڕزگارکردن لە پڕوپوچی (خورافات) و نەفرەت. هەر لێدانێك لە پێکهاتەکانی خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەت، هەر ستایشێك لە ویژدانی مرۆڤ، هەر دابڕانێك لە هەلومەرجی هەنووکەیی، ڕوماڵکردنی هەر درۆیەك، هەر بەشێك لە چالاکی مرۆڤ کە لە کۆنترۆڵی دەسەڵاتداران دەرچێت، هەر بەهێزبوونێکی گیانی یەکێتی و داهێنان، هەنگاوێکە بەرەو ئەنارکیزم.

گرفت لە ناسینی چۆنییەتی ڕێگەیەکدایە، کە بە کەتواری لەم ئامانجە نزیکمان دەکاتەوە و لەمەدا پێشکەوتنی ڕاستەقینە و ڕیفۆرمی ڕیاکارانەمان لێ تێکنەچێت. چونکە ڕیفۆرمی درۆینە بۆ بەدەستهێنانی دەسبەجێ ئاڕاستەکەی لادانی خەڵکییە لە خەبات دژی سەروەری و سەرمایەداری و لە هەوڵی ناکاراکردنی چالاکییەکانی خەڵکییە و هیوایەك لای چەوساوان دروست دەکات، کە دەتوانن بە هۆی سۆزڕاکێشانی بەهرەکێشان و میرییەکانەوە شتگەێیك بەدەستبهێنن. گرفت لە دەرکی چۆنیەتی بەکاربردنی ئەو کەمە هێزەیە کە هەمانە؛ ئەوەی کە بە ڕێگەیەکی فرەتر

ئابوورییانە بەرەو بەدیهێنان بڕۆین، متمانەی فرەتر بۆ ئامانجی خۆمان بەدەست بهێنین.

لە هەر وڵاتێکدا میرییەك هەیە، کە بە زۆری دڕندانە، یاساکانی بەسەر هەمووانـدا دەسەپێنێت؛ تەواوی خەڵکی چ بیەوێت و چ نەیەوێت ناچار بە کۆیلەتی لەژێر بەهرەکێشی و مانەوەی ئەو پێکهاتانەی کە لە ئارادان دەکات. میری کردەییکردنەوەی ئامانجگەلی کەمایەتییەکان قەدەخە دەکات و بەشێوەیەکی گشتی مۆڵەت نادات ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتی بەپێی و هاوکات لەتەك گەشەی بۆچوونی گشتی بگۆڕدرێت. بە توندوتیژی بەر بە ڕەوتی ئاشتیخوازیی و ئاسایی پێگەیین (تکامل) دەگیرێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم ڕەوتە بە توندوتیژی بکەینەوە و لەبەر ئەم هۆیەشە، کە ئێمە ئەوڕۆکە خوازیاری شۆڕشێکی توندوتیژین، تا کاتێك کە مرۆڤ کۆیلەی شتگەلێك بێت، کە پێچەوانەی ئارەزووەکانین، هەردەم پێویستە، توندوتیژی میریی لەنێوبەرن، ئەوکات ئیتر توندوتیژی ئێمەش هیچ بیانوو و پاساوێکی بۆ مانەوە، نابێت.

ئێمە بە هەمان شێوە کە ئەورۆکە ناتوانین میری فەرمانڕەوا بڕوخێنین، لەوانەیە سبەینێش نەتوانین لە ویرانەکانی میرییەك کە هەیە، ڕێگە لە سەرهەڵدانی میرییەکی هاوشێوە بە میری پێشووبگرین. بەڵام ئەم پرسە ، نە ئێستا و نە لە داهاتوودا، ئێمە لە وەستانەوە دژی هەر شێوەیەك لە دەسەڵاتداری ناگێڕێتە دواوە؛ هەردەم تا ئەو جێیەی کە دەلوێت، سەرپێچی لە ملدان بە یاساکانی دەکەین و بەردوام لە بەرامبەر توندوتیژی سوود لە

توندوتیژی وەردەگرین.

هەر لاوازییەك لە هەر جۆرە دەسەڵاتدارییەكدا و هەر گەیشتن بە ئازادی، بەرەوپێشچوون دەبێت بەرەو ئەنارکیزم؛ هەرگیز نابێت داوا بکرێت، دەبێت بسێندرێت، هەردەم دەبێت لە خەباتدا هێزی فرەترمان پێبدات؛ هەردەم دەبێت ببێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت وەك دوژمنێك لەبەر چاو بگرین و هەرگیز ئاشتی لەتەکدا نەکەین؛ هەردەم پێویستە بە باشی وەبیری خۆمانی بهێنێتەوە، کە کەمبوونەوەی زیانگەلێك کە میری هۆکاریانە، کەمبوونەوەی دەستەبەری و هێزەکانیشی دەگرێتەوە، ئەم هەلومەرجە بەدەستهاتووە، دەبێت لەلایەن کەسانێکەوە دیاری بکرێت، کە میرایەتی دەکرێن نەك ئەوانەی میرایەتی دەکەن. مەبەستی ئێمە لە میری هەرکەسانێك یا هەر گروپێك لە کەسانێك لە دەوڵەت و وڵات و کۆمەڵگە یا کۆمەڵەیەکدا، کە مافی ڕێکخستنی یاساکانیان هەیە و بەسەر کەسانی تردا دەیانسەپێنن، کە ئەو یاسایانەیان ناوێت.

تا کاتێك کە هێشتاکە نەمانتوانیبێت خاوەنداریێتی تایبەتی لەنێوبەرین، ناتوانین ئامرزەکانی بەرهەمهێنان بۆ کاری ئازادانە بەکار بەرین، لەوانەیە هەرواش لە بزاڤێکی سەرپێچکەرانەی داهاتووشدا نەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین. بەڵام ئەمە چ لە ئێستا و چ داهاتوودا، نابێت لەوە بمانگێڕێتەوە کە نەیاری بەردەوامی سەرمایەداری یا هەر شێوەیەکی تری سەرکەوتگەری بین. هەروەها هەر سەرکەوتنێك، هەرچەندە بچووکیش بێت، کە لەلایەن کرێکارانەوە بەسەر بەهرەکێشانیاندا بسەپێت، هەر

کەمکردنەوەیەکی سوود، هەر تۆزێك لە سەرمایە کە لە خاوەندارانی تایبەتی دەسێندرێتەوە و دەکەوێتە بەردەست هەموان، پێشکەوتن و هەنگاوێکە بەرەوپێش بەرەو ئەنارکیزم. هەردەم دەبێت لە پێناو پەرەدان بە داخوازییەکانی کرێکاران و توندکردنەوەی خەباتیاندا بێت، هەردەم دەبێت بەسەرکەوتن بەسەر دوژمندا بژمێردرێت، نەك بەرتەرییەك (امتیازێك) کە بۆی سوپاسگوزار بین؛ هەردەم و تا ئەوێندەرێ کە لە تواناادا هەیە، دەبێت لە بڕیاری خۆماندا بۆ سوودوەرگرتن لە هێز پێداگر بین، بەو واتایەی، کە خاوەندارانی تایبەت، بە پاڵپشتی دەوڵەت، دزییە لە کرێکاران کراوە.

بە لەنێوچوونی مافی سوودوەرگرتن لە هێز، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکەونە دەست هەرکەسێك کە دەیەوێت کار بکات، دەبێت بەرهەمی پێگەیینی ئاشتیوازانە بێت.

ئەنارکیزم نەیدەتوانی ببێت، هەرگیز نەشدەبوو، ئەگەر بۆ کەمایەتییەك نەبووایە، کە خوازیارنی و تەنیا لەو شتانەدا دەیانەوێت، کە بەبێ بەشداری نائەنارکیستەکان دەتوانن ئەنجامیان بدەن. ئەمە بە پێی پێویست بەو واتایە نییە، کە نموونەی باڵای ئەنارکیزم، کەمێك پیشکەوتنی بەخۆوە دیتووە یا نە، کەم کەم ئامانجەکانی بۆ مرۆڤەکان و لە زۆر بواردا پەرەدەسێنن تا کاتێك کە تەواوی مرۆڤایەتی و گشت لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە.

بە لەناوبردنی میرایەتی و هەموو ئەو دەزگە مەترسیدارانەی لە

ئارادان، کە بەهێــــزەوە پارێزگــــاری لە میرایەتــــی دەکەن، بە ســــەرکەوتنی ئازادی تەواو بــــۆ هەمــــووان و بە هــــۆی کــــاری ڕێکخراوەوە، کە بەبێ ئەو ئازادی، لە درۆیەك بەولاوتر نابێت و لە کاتێکــدا کە بــۆ گەیشــتن بەم خــاڵە لە بــاری خەباتــداین، مەبەستمان لەناوبردنی شتگەلێك نییە، کە کەم کەم سەرلەنوێ بنیاتیان دەنێینەوە.

بــۆ نمــوونە، لەم کــۆمەڵگەی هەنووکەییــدا کاروبــاری وەك ئامــادەکردنی خــواردن بــوونی هەیە. ئەم کــارە خــراپ وبێسەروبەرانە، بەفیڕۆدانی وزە و کــــــــــــالایەکی زۆر و بە لەبەرچــاوگرتنی بەرژەوەنــدییەکانی ســەرمایەداری ئەنجــام دەدرێـت؛ بەڵام سەرەرای هەمـوو ئەمـانە، ئێمە دەبێـت خـواردن بخــۆین. بێواتــایە، کە بمــانەوێت سیســتەمی بەرهەمهێنــان و دابەشکردنی خواردن لەنێو بەرین، مەگەر ئەوەی بتوانین کە بە شتێکی باشتر و گونجاوتر جێگەی بگرینەوە.

خزمەتگوزاری پۆستی لە ئارادایە. هەزاران ڕەخنەمان هەیە بۆ گرتــن لێــی، بەڵام لەم ساتەدا بۆ ناردنی نامەکانمان سوودی لێوەردەگرین و سەرەرای هەموو کەموکوڕییەکانی ناچارین سوودی لێوردەگرین، تا کاتێك کە توانامان هەبێت چاکسازی تێدا بکەین یا بە شتێکی تر جێی بگرینەوە.

فێــرگە (قوتابخــانە) لە ئارادان و هەن، بەڵام کارکردیــان زۆر خراپە. سەرەرای ئەوەش، بۆمان نییە زارۆکەکانمان لە نەزانیدا بهێڵینەوە و ڕێ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بگرین.

لەم بارەدا، چاوەڕوان دەبین و خەبات دەکەین بۆ سەردەمێك، کە بتوانین سیستەمێکی فێرگەیی نموونە بۆ چاکسازی تەواوی فێرگەکان ڕێك بخەین.
لێرەوە دەتوانین بینین، کە بۆ گەیشتن بە ئەنارکیزم، هێزی مادی تەنیا هۆکارێك نییە بۆ شۆڕشکردن؛ بەلکو پێویستە کرێکارانی ڕێکخراو بە لەبەرچاوگرتنی بەشە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان ، خۆیان بخەنە ڕێوشوێنێکەوە، کە توانای ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بەبێ پێدویستبوون و کۆمەکی سەرمایەداران و میرایەتییەکانیان، هەیە.
هەروەها دەبینین، کە ئامانجە ئەنارکیستییەکان، ئاوا کە "سۆشیالیستە زانستییەکان" پاگەندەی بۆ دەکەن، لەتەك یاساکانی پێگەییین، بەو جۆرەی کە لەلایەن زانستەوە سەلمێندراون، لە ناکۆکیدا نین؛ وێناکردنێکن لەتەك ئەو یاسایانە بە تەواوی گونجاون و سیستمێکی ئەزموونگەریین، کە لە مەیدانی دەرکی کۆمەڵایەتیدا بەرهەم هاوتوون.
* وتاری بەرەو ئەنارکیزم لەلایەن ئێریکۆ مالاتێستا(١٨٥٣-١٩٣٢) یەکەم جار بە زمانی ئینگلیزی لە سەردەمێکی خامۆشیدا دەرکەوت! ئەم کورتە وتارە لەلایەن ئەنارکیستی شۆڕشگێڕی زیندانی کارل هارپ (Carl Harp 1949-1981)ەوە پێشنیاری سەرلەنوێ چاپکردنەوەی لەم فۆرمەی ئێستادا کرا. یەکەمین چاپی لە ساڵی ١٩٨٢دا لەلایەن چاپەمەنی ( Black Cat Press, (P.O. Box 11261, Edmonton, Alberta, Canada دەرچوو.
**. ئەم پەرەگرافە لە وەرگێرانە فارسییەکەدا نەهاتووە و لە دەقە ئینگلیزییەکەوە وەرم گرتووە و ناچار سەرلەبەری وتارەکەم لەتەك دەقە ئینگلیزییەکەدا بەراورد کردووە. ( و.کوردی)

# دێمۆکراسی و ئەنارکی

مارچی ١٩٢٤

میرییە دیکتاتۆرییەکان لە ئیتالیا، ئیسپانیا و ڕوسیە، وەها چاوتێبڕیی و شەیداییەکی فراوانیان لە ناو پارتە ترسنۆك و کۆنەپەرستەکان لە سەرتاسەری جیهان هەڵدەخڕاندووە، کە خەریکی ئەوەن "دێمۆکراسی" بە جۆرێك داهێنان دەستەمۆ بکەن. بەم پێیە ئێمە دەبینین کە بوونەوەرانێك لە ڕژێمە کۆنەکاندا- کە بە باشی لەتەك هونەری شەرەنگێزانەی ڕامیاریدا خوویان گرتووە و لێپرسراوی سەرکوت و کوشتوبڕێکن کە بەرامبەر چینی کرێکاردا دێت – سەرلەنوێ سەرهەڵدەدەنەوە و (لەوێوە کە بوێرییان تێدا نییە) خۆیان بە کەسانی پێشکەوتوو دادەنێن و بەناوی ئازادییەوە لە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی داهاتووی نزیکدان. بەم ڕێوشوێنەوە تەنانەت توانیویانە سەرکەوتوو بن.

نوکتەیەکی خۆش، کە لێرەدا شایانی وتنە، ڕەخنەگەلێکە کە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لە دێمۆکراسی دەگرن. لەبیرمە، ئەنارکیستێك بەنێوی هێرمان ساندۆمیرسکی (Hermann Sandomirski)، لایەنگری بۆڵشەڤیکی کە لە کاتی کۆنفرانسی «جنێڤ»دا کەم و زۆر پەیوەندیمان هەبوو و هەنووکە ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە، کە لێنین و باکونین یەکبخات. لەبیرمە ساندۆمیرسکی پشتیوانی لە ڕژێمی ڕوسیە دەکرد، کە «کرۆپۆتکین»ی وەدەرنا، تاکو نیشانی بدات دێمۆکراسی باشترین شێوەی شیاوی وێناکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نییە. شێوەی دەربڕینەکەی، وەك ڕوسێك، منی خستە بیرکردنەوەوە و پێموایە

پێموت وەها دەربڕینێك، دەربڕنی هەندێك لە هاوڕێكانییەتی، كاتێك لە وەڵام بە تووڕەیی دونیای هاوچەرخ بەرامبەر تزار، پێپەتیكردن، شەلاقلێدان و لە سێدارەدانی ژنان، دەیانوت كە ئەگەر پیاوان و ژنان لەتەك یەك یەكسان بن، كەواتە دەبێت مل بە لێپرسراوەتی یەكسانیش بدەن. ئەو پارێزەرانەی زیندان و سێدارە، تەنیا كاتێك مافی ژنانیان لەبیر بوو، كە دەیتوانی بیانوویەك بێت بۆ نادادوەرییە تازەكان! لەبەر ئەوە دیكتاتۆرەكان تەنیا كاتێك لەتەك میرییە دێمۆكراتەكان نەیاری دەكەن، كە بۆیان دەركەوێت جۆرە میرییەك هەیە، كە بۆ كەسانێك كە بەدوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوەن، كەشێكی فراوانتر بۆ چەوسانەوە و سەركوت ئاوەڵا دەكات.

بۆ من هیچ گومانی تێدا نییە كە خراپترینی دێمۆكراتەكان لە باشترینی دیكتاتۆرەكان باشترن(ئەمە تەنیا لە روانگەی ڕوانگەی فێركارییەوە) . بە دڵنیاییەوە دێمۆكراسی، بەو جۆرەی پێی دەوترێت میرایەتی گەل، درۆیەكە بۆ خۆی. بەڵام ئەم درۆیە هەردەم هەم كەمێك درۆزنەكە پابەند دەكا و هەم سنووری دەسەڵاتی سەركوتگەرانەشی دیاری دەكات. هەڵبەتە پاگەندەی "خەڵكی فەرمانڕەوا" گاڵتەجاریی فەرمانڕەوایەكە، كۆیلەیەك بە تاج و گۆچانی كاخەزینەوە.

بەڵام باوەڕبوون بە ئازادی تاك، تەنانەت ئەو كاتەش كە تاك ئازاد نییە، هەمیشە لە داننان بە كۆیلەتی و ملدان بە كۆیەلەتی وەك خۆگونجاندن و ناچاری، باشترە.

دێمۆکراسی درۆیەکە، نادادوەرییە و لە ڕاستیدا میرایەتی دەوڵەتمەندانە، واتە میرایەتی کەمایەتییەك کەس لە بەرژەوەندی چینی هەڵبژاردە و بەرتەر (ممتاز). بەڵام ئێمە هێشتاکە دەتوانین بەنێوی ئازادی و یەکسانی لە دژی خەبات بکەین، بە پێچەوانەی کەسانێکەوە کە ئەم ئامانجەیان بە شتگەلی خراپتر گۆڕیوە یا دەیانەوێت بگۆڕن.

ئێمە لایەنگری دێمۆکراتەکان نین، یەکێك لە هۆکانی ئەوەیە کە دێمۆکراسی، زوو یا درەنگ، سەری لە جەنگ و دیکتاتۆرییەوە دەردەچێت. ڕێك هەر بەو جۆرەی کە پشتیوانی دیکتاتۆری نین، یەکێك لە هۆیەکانیشی ئەوەیە کە دیکتاتۆری شەیدایی بۆ دێمۆکراسی زیندوو دەکاتەوە و پەرە بە گەرانەوە بۆ دێمۆکراسی دەدات و بەم جۆرە ئەم خولە زنجیرەییە دەکاتە سوڕێکی بێبڕانەوە، کە تێیدا کۆمەڵگەی مرۆیی لە نێوان میری سەرکوتگەرانەی بێبەزەیی و ئاشکرا و ئازادی درۆینە ئەمسەر و ئەوسەر دەکات.

لەبەر ئەوە ئێمە جەنگی خۆمان دژی دیکتاتۆری و دێمۆکراسی ڕادەگەیێنین. بەڵام ئێمە لەبری ئەوە چی پێشنیار دەکەین؟

گشت دێمۆکراتەکان لەوە ناچن، کە لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە - دووڕوانێك کە کەم و زۆر ئەم خاڵە دەزانن، کە بەنێوی خەڵکەوە دەیانەوێت فەرمانڕوایی بەسەر خەڵکیدا بکەن و بەهرەکێشییان لێ بکەن و بیان چەوسێننەوە.

کەسانێکی زۆر، بەتایبەت لە ناو کۆماریخوازە لاوەکاندا هەن، کە باوەڕێکی پتەویان بە دیمۆکراسی هەیە و بە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنان و فراوانکردنەوەی ئازادی تەواو و گشتگیر بۆ هەمووان دەزانن. ئەوانە لاوانێکن، کە دەبێت لە هەڵەبیرکردنەوە دەربازیان بکەین، ئارەزوومەندیان بکەین، کە فریوی دابڕاو(abstraction)ێك بەنێوی "خەڵك" نەخۆن، چونکە لەتەك کەتواری ژیانی ژنان و پیاوان بە هەموو پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان، هەست و زۆرینەی ئارەزووەکانیان، ناکۆکە.

لێرەدا مەبەستمان نییە ڕەخنەمان لە شێوازی پارلەمانی و تەواوی ئامرازە هزریەکان بۆ بەهرەمەندبوون لە نوێنەرانێك کە بە ڕاستی نوێنەرایەتی ویستی خەڵك دەکەن، دووبارەی بکەینەوە؛ ڕەخنەیەك کە پاش پەنجا ساڵ پاگەندەی ئەنارکیستی، سەرەنجام تەنانەت لە لایەن نووسەرانێکەوە کە زۆر حەزیان لە سووکایەتی بە ئامانجەکانی ئێمەیان هەبوو، پەسەندکراوە و دووبارە دەکرێتەوە.

ئێمە تەنیا ئەوەندەمان بەسە، کە لە دۆستانی لاومان بخوازین، وردبیانەتر سوود لە زمان وەربگرن، هەر ئەوەندەی بەم باوەڕەوە، دەربڕینەکانیان سەرنج بدرێن، بەخۆیان پەی بە ئاوەزنەگیرییان دەبەن.

"میرایەتی خەڵکی" نەخیر، چونکە ئەو میرایەتییە شتێك دەگرێتەوە کە هەرگیز ڕوو نادات، واتە هاودڵی سەراپای ویستی گشت کەسکانێکە، کە خەڵك (گەل)ی لێدروستدەکەن.

ئەگەر قسە لە "میرایەتی زۆریەنی خەڵکی" بکەین فرە لە ڕاستییەوە نزیکترە. ئەمە بە واتای بوونی کەمایەتییەکە، کە لە بەرامبەر ویستی کەسانی تردا یا دەبێت یاخی بێت یا دەبێت ملکەچ بێت.

بەڵام هەرگیز بەو جۆرە نییە، کە نوێنەرانی زۆرینەی خەڵکی لەمەڕ هەموو پرسەکان یەك بۆچوونی یەکسانیان هەبێت؛ کەواتە پێویستە دووبارە پێداچوونەوەی ئەو سیستەمەی زۆرینەیە بکەینەوە و بەم پێیە بە وتنی "میرایەتی زۆرینەی هەڵبژێردراوان لەلایەن هەڵبژێرەرانەوە" هێشتاکە لە ڕاستی نزیکتر دەبینەوە.

سەرەڕای ئەمەش فرەتر لە میرایەتی کەمایەتی دەچێت.

کەواتە ئەگەر کەسێك بێت و شێوەیەك کە هەڵبژاردنی پێ بەرپا دەکرێت، ئەوەی کە چۆن چۆنی پارتە ڕامیارییەکان و هاوپەیمانییە پارلەمانییەکان پێکدێن و ئەوەی کە چۆن چۆنی یاساکان ڕێکدەخرێن، دەنگ بەدەستدەهێنن و بەکار دەبرێن شی بکاتەوە، تێگەیشتنی ئەوەی پێشتر بە ئەزموونی گشتیی مێژوویی سەلمێنراوە، ئاسان دەبێت: ئەو ئەزموونە، کە تەنانەت لە دیمۆکراترین دیمۆکراسییەکاندا هەردەم کەمایەتییەکی بچووك فەرمانڕوایە و ویست و بەرژەوەندی خۆی بە زۆر دەسەپێنێت.

لەبەر ئەوە کەسانێك کە بە ڕاستی خوازیاری "میرایەتی خەڵکی"ن، بەو واتایەی کە هەر کەس بتوانێت پارێزگاری لە ویست و بۆچوونەکانی بکات، دەبێت مسۆگەری بکەن، کە هیچ

کەسێك، کەمایەتییەك یا زۆرایەتییەك، نەتوانێت بەسەر کەسانی تردا فەرمانڕوایی بکات: بە دەربڕینێکی تر، ئەوان دەبێت میرایەتی لەناو بەرن، واتە هەر ڕێکخراوێکی سەپێنراو لەنێوبەرن و بە ڕێکخراوێکی ئازاد لە کەسانی هاوئامانج و بەرژەوەند هاوبەش جێی بگرنەوە.

زۆر ئاسان دەبێت، ئەگەر هەر کەس وگروپێك لە گۆشەگیریی خۆیدا، بەخۆی و بە شێوازی خۆی ژیان بکات و بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە جێی خۆیەوە و پارێزگاری لە پێداویستییە مادی و مۆراڵییەکانی خۆی بکات.

بەڵام ئەمە لە توانادا نییە و ئەگەر هەشبێت، پەسەند نییە، چونکە بە واتای دارمانی مرۆڤایەتی بەرەو نامرۆڤایەتی و دڕەندەگەری دەبێت.

ئەگەر ئەوان بریار بدەن، کە پارێزگاری لە سەربەخۆیی و ئازادییان بکەن، بەم پێیە دەبێت هەر تاك یا گروپێك پەیوەندییە هاوپشتییەکان کە بۆ ئاساییشی مرۆڤایەتی پێویستن و پێکەوە دەیانبەستێتەوە، دەرك بکەن و هەستی پڕ لە هاوسۆزیی و هاودڵی و خۆشەویستییان بۆ کەسانی تر هەبێت و بزانن کە چۆن ئەم لەخۆبردووییانە هوشیارانە ئەنجام بدەن بۆ ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا کە زۆرترین سوودمەندی گونجاو بۆ هەمووان دەسەبەر دەکات.

بەڵام بەر لە هەر شتێك دەبێت ئەم توانایە بۆ هەندێك لەناو ببرێت، تاکو خۆیان بە زۆری فیزیکی بەسەر زۆرینەدا نەسەپێنن

و نەتوانن ببنە مشەخۆری گیانی کەسانی تر.

دەبێت پۆلیس لەناوبەرین، کەسێك کە بۆ خزمەتی سەرکوتگەری چەکدارە و بەهەر ڕێگەیەك بووە دەبێت ئێمە بە ڕێکەوتنی ئازادانە بگەین، لەبەر ئەوە بەبێ وەها ڕێکەوتنێك، چ ئازادانە و چ سەپێنراو، ژیان لە توانادا نییە.

بەڵام تەنانەت ڕێکەوتنی ئازادانە هەردەم زۆرترین باشی و گونجاوی بۆ کەسانێك دەبێت، کە ئامادەیی هۆشی و هونەرییان هەیە. لەبەر ئەوە ئێمە داوا لە دۆستانمان و کەسانێك کە بەڕاستی باشی هەمووانیان دەوێت، دەکەین، کە پرسە هەرە پێویستەکان تاوتوێ بکەن، پرسگەلێك کە ڕێك لەو ڕۆژدا کە خەڵکی لەژێر چنگی چەوسانەوە دەردەچن، ڕێگە چارەیەکی کردەیی و دەستبەجێیان گەرەکە.

١. ئەم وتارە یەکەم جار لە بڵاوکراوەکەی مالاتێستا بیرکردنەوە و ویستن (Pensiero e Volontà)دا لە مارچی ١٩٢٤دا بڵاکراوەتەوە. وەرگێرانە ئینگلیزییەکەی لەلایەن (Gillian Fleming) لە (شۆڕشی ئەنارکیستی)دا لەلایەن (Vernon Richards)وە ، لە چاپەمەنی ئازاددا، ١٩٩٥ بڵاوکرایەوە.

# شۆڕش لە پراکتیکدا

ئۆکتۆبەری 1922

لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە بین Bienne ی سویسرا بۆ پەنجاهەمین ساڵیادی ئەنجومەنی Saint Imier بەرپا کرا، هاوڕێ بێرتۆنی (Bertoni) و من بۆچونگەلێکمان دەربڕین، کە هاوڕێ کۆلۆمێر (Colomer) پێی خۆش نەبوون. هەر بەو جۆرەی کە لە ئازادی **Libertaire** ی پاریسدا نووسیویەتی، دڵنیایە بۆچوونەکانی ئێمە لەتەك ئامانجی ئاراستە زیندووەکانی بزاڤی ئەنارکیستی هاوچەرخ ناتەبان. وی دەنووسێت، هاوڕێیانی ئاڵمانی، ئیسپانی، ڕوسی، ئەمەریکایی و ... کە لەو ئامادە لەو کۆبوونەوەدا ئامادەبوون، هەر وەك خودی خۆی، بەڕادەیەك تەکانیان خواردووە و توڕە بووبوون "*émus et presque indigné*".

بە بۆچوونی من، هاوڕێ کۆلۆمێر لەمەڕ دەرکی ئاراستە کەتوارییەکانی ئەنارکیزم، کەمێك زیادەڕەوی کردوە. بەهەر بارێکدا، بەکاربردنێکی نادروستی زمانەوانییە، لایەنی کەم، قسەکردن لەسەر "تووڕەیی"، کاتێك بابەتی لێدوان لە شوێنێکدایە، کە هەموو کەسێك ڕاستگۆیانە لە بەرژەوەندی ئامانجی هاوبەش، هەوڵی ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی دەدات. بەهەر شێوەیەك باشترە گفتوگۆکان لە بارێکی دۆستانەدا ڕاگرین، ئاوا کە ئێمە لە بین Bienne پێی هەستاین.

هـاوڕێ بریتـۆنی، بێگومـان پشـتیوانی لـه بۆچوونـه‌كـانی خـۆی لـه (ژیانـه‌وه-Réveil)دا ده‌كات؛ منیش لـه (مرۆڤـایـه‌تی نـوێ-Umanità Nova) هـه‌مـــان كـــار ده‌كـه‌م، بـه‌و جـــۆره‌ی كه كۆلـــۆمێر لـه ( ئازادیخوازی-Libertaire) كردی. هیوادارم هاوڕێیـانی تریـش لـه‌م لێـدوانـه‌دا بـه‌شـــداری بكـه‌ن؛ ئـه‌مـه لـه بـه‌رژه‌وه‌نـــدی هـه‌مووانـــدا ده‌بێت، ئـه‌گـه‌ر هـه‌مووان چاودێر بن، ئاڵوگـۆڕ لـه هـزری بـه‌رامبـه‌ردا بـه‌هـۆی وه‌رگێـرانـه‌وه بـۆ زمانـه‌كـانی تـر ڕوو نـه‌دات. ئـه‌مـه زیـانی نییه‌، بـه هیوای ئـه‌وه‌ی كه هیچ كـه‌س بـه بیستنی شتێك كه پێشـتر بیری لـێ نـه‌كردبێتـه‌وه، ئازار نـه‌چێژێت.

لـه بین Bienne لـه‌مـه‌ڕ دوو بـابـه‌ت لێدوان كـرا: "پـه‌یوه‌نـدی نێـوان ســـه‌ندیكالیزم و ئـه‌نـــاركیزم" و " چـــالاكی ئـه‌ناركیســـتی لـه ســـه‌رهـه‌ڵدانی یاخیبوونـــدا". لـه هـه‌ڵـیكـــی تـــردا و لـه‌ســـه‌ر خـــۆ ده‌گـه‌ڕێمـه‌وه ســـه‌ر بـــابـه‌تی پێشـین، هـه‌روا خـوێنـه‌رانـی Umanità Nova ده‌بـــوو بـه‌ر لـه‌مـــه، بزانـــن مـــن لـه‌م بـــاره‌وه چـــوون بیـرده‌كـه‌مـه‌وه. بـه خێراییـی ڕوونـــی ده‌كـه‌مـه‌وه، كه لـه‌مـه‌ڕ بـــابـه‌تی دواین چیم گوتووه.

ئێمه ده‌مـــانـه‌وێت هـه‌رچـــی زووتـــر شـــۆڕش ڕوو بـــدات و لـه تـه‌واوی هـه‌لـه‌كان كه ئـه‌گـه‌ری ڕه‌خسانیان هـه‌یه، كـه‌ڵك وه‌ر بگرین.

بێجگه لـه ژمـــاره‌یه‌كی كـه‌م لـه "فێركـــاران"، كه بـاوه‌ڕیـــان بـه لـه توانـادابوونی ڕاپـه‌ڕینـی جـه‌مـاوه‌ر بـه‌ره‌و ئامـانجی ئـه‌ناركیسـتی، پێـش ئاڵوگـۆڕی مـه‌رجـه مـادی و مۆڕالییه‌كـانی ژیـانی جـه‌مـاوه‌ر، هـه‌یه، ئـه‌وانـه‌ی كه شۆڕش بۆ كاتێك كه هـه‌مـووان تونایـان هـه‌بێت ئـه‌ناركیســـتییانـه بژیـــن، دواده‌خـه‌ن، هـه‌مـــوو ئـه‌ناركیســـتـه‌كان لـه

خوازیاری لەناوبردنی هەرچی زووتری میرایەتییە هەنووکەییاندا هاوڕان، ڕاستی شتەکە ئەوەیە، کە ئەوان هەردەم، تەنیا کەسانیکن، کە بەڕاستی ئارەزوومەندییان بۆ ئەنجامدانی وەها کارێك نیشانددەن.

سەرەڕای ئەوەش، شۆڕشگەلی سەربەخۆ لە "ویست و خواستی" ئەنارکیستەکان، ڕوویان داوە، ڕوو دەدەن و لە داهاتووشدا ڕوو دەدەن؛ لەوێوە کە ئەنارکیستەکان تەنیا کەمایەتییەکی بچووکی خەڵك پێکدەهێنن و ئەنارکیزم ناتوانرێت بەسەپاندنی زۆر و توندوتیژی ئەو کەمایەتییە پێك بێت، ڕوونە کە شۆڕشەکانی ڕابوردوو و داهاتوو، شۆڕشی ئەنارکیستی نەبوون و لەوانەشە نەبن.

دوو ساڵ لەمەوبەر لە ئیتالیا شۆڕشێك لە ڕوودانددا بوو، ئێمەش ئەوەی لە تواناماندا بوو، کردمان تاکو ڕووبدات. بەڵام وەك دژەخونانی سۆشیالیزم و لایەنگرانی یەکێتییەکان مامەڵەمان لەتەکدا کرا، وەك کەسانێك کە بەر بە هێزی بزووتنەوەی جەماوەری بگرن و میرایەتییە پاشایەتییە لەرزۆکەکان، لە بەردەم نارەزایەتییەکانی دژ بە گرانبوونی گوزەران، لەوانە مانگرتنەکان لە ناوچەی پیدمۆنت (Piedmont) و ڕاپەڕینی ئانکۆنا (Ancona) و دەستبەسەرداگرتنی کارخانەکان، ڕزگار بکەن.

دەبێت چی بکەین، ئەگەر شۆڕش لە پێناو باشبووندا سەرهەڵبدات؟

دەبێت چی بکەین، لە شۆڕشێکدا کە سبەینێ ڕوو دەدات؟

هاوڕێیانی ئێمە لە شۆرشەکانی کە لە ڕوسیە، باڤاریا (هەرێمی بایەرن لە ئاڵمان)، هەنگاریا و شوێنەکانی تر، چییان کردووە و دەیانتوانی چ کارێك ئەنجامبدەن و پێویست بوو چی بیکەن؟

ئێمە ناتوانین ئەنارکی پێك بهێنین، لایەنی کەم ئەنارکییەك نا، کە تەواوی خەڵك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گرتبێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی هێشتاکە ئەنارکیست نین و هەروەها ئێمە ناتوانین هیچ میرییەکی تر پەسەند بکەین، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری شەیداییمان ببین و هەر هۆکارێکی ئەنارکیستبوونمان لە دەست نەدەین. بەم پێیە، دەی کەواتە چ کارێك دەتوانین و دەبێت ئەنجام بدەین؟

ئەمە ئەو گرفتە بوو، کە لە بین Bienne لێدوانی لەبارەوە کرا و گرفتێکە کە لە لە ئێستادا زۆرتەرین گرنگی هەیە، وەها هەلێکی زۆر، کاتێك کە لە پڕێکدا لەتەك بارودۆخێکی وا ڕووبەڕوو بووین، کە یا دەبێت بێدوودڵی و دەستبەجێ دەستبەکار بین یا لە مەیدانی خەباتیدا هەڵبێن و سەرکەوتنی کەسانیتر لەباربکەین.

پرسەکە لەسەر شۆڕش نەبوو، بەو جۆرەی کە ئێمە دەمانەوێت، شۆڕشێکی ڕاستینەی ئەنارکیستی بە شێوەیەك گونجاو دەبوو ئەگەر هەموو خەڵك یا لایەنی کەم زۆرینەی خەڵك لە ناوچەیەکی دیاریکراودا ئەنارکیست بوونایە. پرسی گەران بوو بۆ

بەدەستهێنانی باشترین کاری لەواو لە بەرژەوەندی بزاڤی ئەنارکیستی لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی گونجاو لە هەلومەرجی هەنووکەییدایە.

پارتە دەسەڵاتخوازەکان بەرنامەی دیاریکراویان هەیە و دەیانەوێت بە زۆر بیسەپێنن؛ لەبەر ئەوەیە کە ئەوان ئارەزووی دەسەڵاتگرنەدەست دەکەن، بە چاوپۆشین لەوەی کە ڕەوا بێت یا ناڕەوا، هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگە بە شێوازی خۆیان و لە ڕێگەی یاسایەکی تازەوە دەدەن. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە، کە بۆچی ئەوان لە قسەدا و هەروا لە زۆربەی نیەتیاندا شۆڕشگێڕن، بەڵام کاتێك کە هەلێك دەرەخسێت، لە شۆڕشکردندا تووشی ڕاڕایی دەبن. ئەوان لە پێشوازی دڵنیانین، تەنانەت لە زۆرینەی خەڵك ناچالاکترن، ئەوان هێزی سەربازی پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان لە سەرتاسەری وڵاتدا لەبەردەستدا نییە و لە گشت بەشە جۆراوجۆرەکانی بواری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا کەسانی خۆبەشی شارەزایان نییە... لەبەر ئەوە هەردەم ناچارن جێبەجێکردن دوا بخەن، تاکو ئەوەی بەناچاری بەهۆی یاخیبوونی جەماوەرەوە میرایەتی بەدەست دەهێنن. لەتەك ئەوەی کە تەنیا جارێك بوونە خاوەنی دەسەڵات، دەیانەوێت بۆ هەمیشە تێیدا بمێننەوە، هەر بۆیە هەوڵ دەدەن شۆڕشێك کە کارایی لەسەر داناون، دوا بخەن، بەلارێدا ببەن و راگرن.

بەپێچەوانەوە، ئێمە ئامانجێکمان هەیە و بۆی دەجەنگین و دەمانەوێت بەدی بهێنین، بەڵام لەو باوەڕەدا نین کە ئامانجی بەرزی ئازادی و دادپەروەری و خۆشەویستی لە ڕێگەی توندوتیژی

میرایەتییەوە بێتە دی.

ئێمە نە بۆ خۆمان دەمانەوێت دەسەڵات بەدەسەت بهێنین و نە بۆ کەسی تریش. ئەگەر بە هۆی کەمی توانامانەوە نەتوانین بەر بە هەبوون و جێگیری میرییەکان بگرین،هەوڵ دەدەین هەدەم تا ئەو جێیەی کە لە توانادا هەیە میرایەتی لاواز بکەین. لەبەر ئەوە ئێمە هەردەم ئامادەین بۆ لەناوبردن یا لاوازکردنی میری دەستبەکار بین، بەبێ نیگەرانییەکی زۆر (من دەڵێم "زۆر"، نەك بە "هیچ" شێوەیەك) لەو ڕووداوانەی کە دواتر ڕوو دەدەن.

بۆ ئێمە توندوتیژی تەنیا بۆ بەرگرییە و تەنیا دەتوانێت لە بەرامبەر توندوتیژیدا بەسوود بێت. بێجگە لەمە، کاتێك کە بۆ ئەنجامدانی ئامانجە پۆزەتیڤەکان بەکار ببرێت، ئەوا یا بە شێوەیەکی گشتی شکست دەخوات یا دەبیتە هۆی پایەڕێژی سەرکوت و بەهرەکێشی کەسانێك بەسەر کەسانێکی تردا.

جێگیربوون و بەرەوپێشچوونی بەرە بەرەی کۆمەڵگەی مرۆڤە ئازادەکان تەنیا دەتوانێت بەرهەمی گەشەی ئازادانە بیت؛ ئەرکی ئێمە وەك ئەنارکیست ڕاستەوخۆ پشتیوانی و دابینکردنی گەشەسەندنی ئازادییە.

ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەمەیە: لەناوبردن یا کۆمەك بە لەناوبردنی هەر جۆرە دەسەڵاتێکی ڕامیاری، لەتەك گشت زنجیرە هێزە سەرکوتگەرەکان، کە پشتیوانی لێدەکەن؛ بەرگرتن یا هەوڵ بۆ بەرگرتن لە دەرکەوتنی میرییە تازەکان و هێزە سەرکوتگەرە

تازەکان؛ بە هەموو بارێکدا، خۆلادان لە بەفەرمی ناسینی هەر میرییەك، بەردەوامی خەبات دژی، داواکاری و خواست تا ئەوەندەی دەلوێت بە زۆر، مافی ڕێکخراوبوون و ژیان بەو جۆرەی کە دەمانەوێت، مافی ئەزموونکردنی ئەو شێوەکانی کۆمەڵگە، کە بۆ ئێمە باشتر دێنە بەرچاو، هەڵبەتە تا کاتێك کە 'ئازادی یەکسانی'کەسانی تر پێشێل ناکەن.

سەرەڕای ئەم خەباتە لە دژی سەپاندنی میری، کە بەهرەکێشی سەرمایەداری دەسەپێنێت و لەباری دەکات؛ ئێمە پێشتر، خەڵکیمان بۆ دەستەبەسەرداگرتنی سامانێك کە هەیە و ئامرزەکانی بەرهەمهێنان بەتایبەت، هەڵخڕاندووە و هاریکاریمان داون؛ کاتێك کە بارودۆخێکی وەهامان بۆ ڕەخسا، کە لە سایەیدا هیچ کەس نەتوانێت خواستەکانی بە زۆر بەسەر کەسانی تردا بسەپێنێت و هیچ کەس لە بەرهەمی کاری خۆی جیانەبێتەوە، ئەوکات ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی پاگەندە و ڕێنوێنییەکانەوە هەنگاو بنێین.

ئایا پێکهاتە و ڕێکخستنی ئەو ڕێکخراوەییە کۆمەڵایەتییانە کە هەن، لەناویان بەرین؟ بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، ئەگەر پرسەکە لەسەر پێکهاتە سەرکوتگەرەکان بێت؛ بەڵام ئەوانە سەرەڕای هەموو شتێك، تەنیا بەشێکی بچووکن لە ئاڵۆزی ژیانی کۆمەڵایەتی. پۆلیس، سوپا، زیندانەکان و دەسەلاتی دادوەری پێکهاتەی بەهێزن بۆ خراپەکاری، کە بە شێوازی مشەخۆرانە کاردەکەن. پێکهاتە و ڕێکخستنەکانی تری کارگێڕی، چ بۆ باشترکردن یا بۆ خراپترکردن، جۆری ژیانی مرۆڤ دابین دەکەن؛

بەبێ ئەوەی کە بە پێکهاتەی باشتر جێگەیان بگرینەوە، لەناوبردنی ئەو دەزگایانە ناتوانێت بەسوود بێت.

ئاڵوویری بەرهەمەکان و کەستە خاوەکان، دابەشکردنی کەرەستە خواردنەمەنییەکان، هێڵی ئاسن، خزمەتگوزاری پۆست و گشت خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە یا کۆمپانییە تایبەتییەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و بۆ خزمەتگوزاری سەرمایەداری و پاوانگەریی ڕێکخراون، بەڵام لە خزمەتی پێداویستییە کەتوارییەکانی خەڵکدان. ئێمە ناتوانین کاریان پەك بخەین، (لە هەر بارێکدا خەڵکی لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، بواری کارێکی ئاوامان پێنادەن) مەگەر ئەوەی کە بە شێوازێکی باشتر دووبارە ڕێکیان بخەینەوە. هەروەها ناتوانرێت یەك ڕۆژە ئەو شتە بە دەست بێت، تا باری شتەکان بەم جۆرە بێت، ئێمە توانایی پێویستمان بۆ وەها کارێك نییە. لەم ڕووەوە لەم چرکە ساتەدا خۆشحال دەبین، بەوەی کەسانی تر ئەم دەزگەیانە ئەگەرچی تەنانەت بە ڕێکخستنیکی جیاواز لەوەی ئێمەش بێت، بەڕێوە بەرن.

ژیانی کۆمەڵایەتی ناوەستێت و خەڵکی دەیەوێت ڕۆژانی شۆڕش و سبەینێ و هەردەم درێژە بە ژیانی بدات.

وای لە ئێمە و داهاتووی بۆچوونەکانمان، ئەگەر لێپرسراوەتی پوچی وێرانییەك کە درێژەی ژیان دەخاتە مەرسییەوە، لە ئەستۆ بگرین!

لە کاتی لێدوان لەسەر ئەو سەردێرانە، پرسی پارە، کە

گرنگییەکی زۆری هەیە، لە بین Bienne کەوتە بەر لێدوان.

لە کۆڕوکۆمەڵی ئێمەدا ئاساییە، بۆ خستنەڕووی ڕێگەچارەی سادە بۆ ئەم گرفتە، بوترێت دەبێت پارە وەلابنرێت. دەکرا ئەوە ڕێگەچارە بێت، ئەگەر پرسەکە لەمەڕ کۆمەڵگەیەکی ئەنارکی، یا شۆڕشێکی گریمانەیی بووایە، کە لە سەد ساڵی داهاتوودا ڕوو بدات، بە گریمانەی ئەوەی کە هەردەم بۆی هەیە جەماوەر ببێتە ئەنارکیست و کۆمونیست، پێش ئەوەی هەلومەرجێك کە تێیدا دەژین لە ڕێگەی شۆڕشەوە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتبێت.

بەڵام ئەمڕۆ ئەم پرسە بە شێوازێکی تەواو جیاواز، ئاڵۆزە.

پارە ئامرازێکی بەهێزی چەوسانەوە و بەهرەکێشییە؛ بەڵام هەروا تەنیا ئامرازێکە (بە چاوپۆشین لە سەرکوتگەرترین دیکتاتۆرییەکان یا لەبارترینی ئایدیالیستییەکان) کە تا هەنووکە لەلایەن هۆشی مرۆڤەوە بۆ ڕێکخستن و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئۆتوماتیك داهێنراوە.

بۆ ئەم سەردەمە، باشترە لە بری ئەوەی کە خەمی لەناوبردنی پارەمان هەبێت، با بۆ دابینکردنی شێوازێك بدۆزینەوە، کە پارە بەڕاستی دەربڕی ئەنجامی کاری بەسوود لەلایەن خاوەنەکانییەوە بێت.

بە هەر بارێکدا ڕێگە بدەن، با بچینە سەر پراکتێکی دەستبەجێ، ئەو بابەتەی کە لە بین Bienne بە کردەوە مشتومڕی لەسەر کرا.

با وای دابنێین، کە سبەینێ ڕاپەڕینێکی سەرکەوتوو ڕوو دەدات. ئەنارکیستی یا نائەنارکیستی، خەڵکی دەبێت لە دووی دابینکردن و بەدەستهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بن. کەم تا زۆر وەك باری ئاسایی دەبێت پێداویستییەکان لە شارە گەورەکاندا دابین بکرێن.

ئەگەر جوتیاران و باربەرەکان و ئەوانی تر، ئامادە نەبوون بە خۆڕایی کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان دابین بکەن و داوای پارەیەکیان کرد کە لە باری ئاساییدا لەسەری راهاتوون و بە سامانی کەتواری دەزانن، دەبێت چی بکرێت؟ ئایا بە زۆر ناچاریان بکەین؟ کە لەو بارەدا دەبێت ماڵئاوایی لە ئەنارکیزم و هەر ئاڵوگۆڕێکی گونجاو بۆ باشتر بوون، بکەین. وەرن با وانە لە ئەزموونی ڕوسەکان وەربگرین.

بەم جۆرە؟

وەڵامی هاوڕێیان بە گشتی: بەڵام جوتیاران لە دستکەوتەکانی کۆمونیزم یا لایەنی کەم ئاڵوویری ڕاستەوخۆی کاڵا لەتەك کالا تێدەگەن.

ئەمانە هەموو زۆر باشن، بەڵام بە دڵنیاییەوە تەنیا یەك ڕۆژ نا، هەروەها خەڵکی تەنانەت بۆ یەك ڕۆژیش ناتوانن بەبێ خواردن بمێننەوە.

مەبەستم پێشنیارکردنی ڕێگەچارە نەبوو.

ئەوەی مەبەستمە ئەنجامی بدەم، ڕاکێسانی سەرنجی هاوڕێیانە بۆ گرنگترین پرسگەلێك، ئەوانەی کە لە سبەینێی شۆڕشدا ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

بوار بدەن با هاوڕێیان لە ڕوونکردنەوەی پرسەکاندا بەشداری بکەن؛ بوار نەدەین دۆست و هاوڕێ کولومێر تووڕە و دڵگیر بێت.

ئەگەر ئەم بابەتانە بۆ ئەو تازەن، لێنیشتنی وەها ترسێکی زۆر لە تازەگری لە ئەنارکیستێك ناوەشێتەوە.

ئەم وتارە لە ژمارە 191ی (**Umanità Nova**)ی 7ی ئۆکتۆبەری 1922 لە بڵاوکراوەتەوە.

# بیرۆکەی میرایەتی باش

هیچ کەس ناتوانێت بە دڵنیاییەوە دادوەری بکات، کە چ کەسێك ڕاست دەکات و چ کەسێك هەڵەیە، چ کەسێك لە ڕاستییەوە نزیکترە یا لەسەر باشترین ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین باشە بۆ هەر کەسێك و بۆ هەمووان. ئازادی هاودەم بە ئەزموون، تەنیا ڕێگەیە بۆ پەیبردن بە ڕاستی و ئەوەی چ شتێك باشترینە؛ هەروا ئازادی لە ئارادا نابێت، ئەگەر ئازادی هەڵەکردن، ڕەتبکرێتەوە.

بەڵام کاتێك کەسێك لە ڕووی ڕامیارییەوە، نەك فیلۆسۆفییەوە، قسە لەسەر ئازادی دەکات، کەس هۆشی بۆ دێوی میتافیزیکییانەی مرۆڤی دابڕاو (ئەبستراکت) ناچێت، کە لە دەرەوەی گەردوون و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە بوونی هەیە و وەك هەندێك لە خواکان "توانای کردنی هەر شتێکی هەیە، کە ئارەزووی بکا" پڕ بە واتای وشە.

کاتێك کە کەسێك قسە لە ئازادی دەکات، لە بارەی کۆمەڵگەیەکەوە دەدوێت، کە تێیدا هیچ کەس ناتوانێت کەسانی تر بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستی توند، ملکەچ بکات، لەوێدا، لە سەرووی هەموو شتێکەوە، هیچ کەس ناتوانێت بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵبێت و هێزی کۆمەڵایەتی بۆ سەپاندنی ئارەزووەکانی خۆی بەسەر کەسانی تر و گروپەکانی تردا کە سەرچاوەی هەموو دەسەلاتێکن، بەکاربەرێت.

مرۆڤ پێرفێکـــت نییه، بەمە ڕازیـــن. بەڵام ئەمە لە بەڵگەیەك زیـاترە و لەوانەشـە بەهێزتریـن بەڵگەش بێـت، تـا چەکـی "بەرتەسکردنەوەی ئازادی تاکەکەسی" نەدرێتە دەست کەس.

مرۆڤ پیرفێکت نییە. بەڵام ئەی لە کوێ مرۆڤ دەتـوانێت کەسانی وا پەیدا بکات، کە نەك تەنیا بۆ بە ئاشتی ژیان لەتەك کەسانی تردا بە ئەندازەی پێویست باش نەبن، بەڵکو هەروا کەسانی واش کـە لێهـاتووی کۆنـترۆڵی ژیـانی کەسـانی تریشـیان بە شـێوەی دەسەڵاتگەرایانە هەبێت؟ بە گریمانەی ئەوەی کە وەها کەسـانێك هەبـن، ئەی چ کەسـێك دیارییـان دەکـات؟ ئایـا ئەوان بەخۆیـان خۆیــــان دەســــەپێنن؟ ئەی ئەوە کێیە کە ئەوان لەبەرامبەر بەرهەلستی و توندوتیژی "تاوانبـاران" دەیانپـارێزێت؟ یـا ئایـا ئەوان لەلایەن "کەسانی شکۆدار"ەوە هەڵدەبژێردرێن، کەسانێك کە وەك نەزان و شەڕانی، دوور لەوەی کە بتوانن ئاشتیانە بژیـن، وێنـا دەکرێـن، ئەی چـۆن لە پڕێکـدا دەبنە خـاوەنی تەواوی باشییەکان، کاتێك کە پرس و پرسیاری هەڵبژاردنی سـەروەرانیان دێتە پێشەوە؟

# لەبارەی دادگەییکردنمەوە: خەباتی چینایەتی یا نەفرەتی چینایەتی؟

لەبەردەم لێژنەی سوێندخۆران (برِیاردانی)ی میلاندا تێڕوانینگەلێکم لەمەڕ خەباتی چینایەتی و پرۆلیتاریا دەربڕین، کە ڕەخنە و سەرسوڕمانێکی زۆریان وروژاند. وا لێرەدا بە وردەکارییەکی زیاترەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو تێڕوانینانە.
لەوێدا زۆر بە تووڕەییەوە بەرامبەر بە تۆمەتبارکردنم بە هەڵخڕاندنی نەفرەت نارەزایەتیم دەربڕی؛ ڕوونم کردەوە، کە لە پاگەندەکەمدا هەردەم ویستوومە بیسەلمێنم، کە تاوانە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە شەڕەنگێزی سەرۆکێك یا سەرۆکێکی تر، فەرمانڕەوایەك یا فەرمانڕەوایەکی ترەوە نییە، بەڵکو سەرچاوەیان بۆ میرییەکان و دەزگەکان دەگەڕێتەوە؛ لەبەر ئەوە، ڕێگەچارە لە گۆڕینی دانە دانەی ئەو فەرمانڕەوایانەدا نییە، لەبری ئەوە پێویستە ئەو بنچینەیە کە مرۆڤ بەسەر مرۆڤدا سەروەر دەکات، لەناو ببرێت؛ هەروا هەردەم ڕوونم کردووەتەوە، کە پرۆلیتێرەکان، وەك تاك، لە بۆرژواکان باشتر نین، بە هەمان شێوە کە بەڵگەکان نیشانی دەدەن، کاتێك کە کرێکارێك بەرێکەوت بە ڕێوشوێنی دەوڵەمەندی و فەرمانداندان دەگات، وەك بۆرژوازییەکی ئاسایی ڕەفتار دەکات، بەڵکو خراپتریش.

وەها دەربڕینگەلێك شێوێنراون و هەڵگێردراونەتەوە، لەلایەن چاپەمەنییەکانەوە خراپ لێکدرانەوە و هۆی ئەوەش ڕوونە.

ئەرکـــی چـاپەمەنی بەکرێگیـراو، پارێزگـارییە لە بەرژەوەنـدی پـۆلیس و چەپـاولگەران، شـاردنەوەی سروشـتی ڕاسـتەقینەی ئەنارکیزمە لە خەڵك و هەوڵدان بۆ متمانەدان بە داستانگەلێك لەمەڕ ئەنارکیسـتەکان کە بە ڕکـاوی و تێکـدەریان دەچـوێنن؛ چاپەمەنییەکـان ئەوە وەك ئەرکێـك ئەنجامـدەدەن، بەڵام ئێمە دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە ئەوان زۆر جار لە نیازپاکییەوە، لە نەزانـی و سـادەیی دیـارەوە ئەنجـامی دەدەن. لەو کـاتەوەی کە ڕۆژنامەگەری، وەك پیشەییەك، تا ئاستی کار و کاسبی دابەزیـوە، ڕۆژنامەگەران نەك تەنیا هەستە مۆڕاڵییەکانیان لەدەست داون، بەڵکو، هەروا پاکی هزرییشیان لەدەستداوە، ئەوەی کە بابەتێك نەزانن، لەبارەیەوە نەدوێن.

بـا واز لە نووسـەرانی پێنـووس بەکرێگریـراو بهێنیـن و لەمەڕ کەسانێك قسە بکەین، کە هزریان لەتەك ئێمە جیاوازە و زۆر جار تەنیـا لە شـێوازی دەربڕینـی بـاوەڕدا، بەڵام هێشـتاکە دۆسـتی ئێمەن، چونکە ئەوانە ڕاستگۆیانە ئامانجیان هەمـان ئامـانجە کە ئێمە هەمانە.

سەرسـوڕمان لەو کەسـانەدا نـابەجێیە، ئەوەنـدەی کە بیـری لێـدەکەمەوە سـاختەیە. ئەوان نـاتوانن لەبەرچـاوی نەگـرن کە پەنجا ساڵە من لەمەڕ ئەم پرسانە دەڵێم و دەنووسم و لەمەڕ ئەم پرسانە سەدان و هەزاران ئەنارکیستی تر هاوکات لەتەك من و پێش منیش قسەیان کردووە.
با فرەتر لەمەڕ جیاوازی بیروباوەڕ قسە بکەین.
ئەوان کەسـانێکن لایەنگـری کرێکـار، کە لە دەسـتانی قڵێشـاو و

زەخمینـدا بـوونێکی خـوایی بەهرەمەنـد لـە هەمـوو شـایانداریی و باشـییەك وێنـا دەکەن؛ ئەگەر کەسـێك بـوێریت لـەمەڕ مرۆڤ و مرۆڤـایەتی قسـە بکـات، ئەوان وەك تێکشـکاوێك بەنـاوی پیرۆزی پرۆلیتاریاوە، ناڕەزایەتی بەرامبەر دەردەبڕن.

هەنووکە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مێـژوو پرۆلیتاریـای کـردووە بە ئامـرازی بنـەڕەتـی ئاڵوگـۆڕی کـۆمەڵایەتی داهـاتوو؛ ئەوەی کە جەنگ لـەپێناو جێگیری کـۆمەڵگەیەك کە تەواوی نەوەکـانی مرۆڤ تێیـدا ئازاد و لـە گشـت ئامرازەکـانی ئازادی ڕادەربڕیـن بەهرەمەنـدبن، دەبێـت لـە بنـەڕەتەوە پشـت بە پرۆلیتاریـا ببەستێت.

هەروا ئەوڕۆکە کەڵەکەبـوونی سـەرچاوە سروشـتییەکان و سـەرمایە بەرهەمـی کـاری نەوەکـانی ڕابـوردوو و ئێسـتایە، کە هۆکاری بنچینەیی ملکەچی جەماوەر و ستەمە کۆمەڵایەتییەکانە؛ سروشـتییە بـۆ کەسـانێك کە هیـچ شـتێکیان نییە، هەر لـەبەر ئەوەشە ڕاسـتەخۆ و ئاشـکراتر هۆگرییـان بـۆ هاوبەشـکردنی ئامرزاەکـانی بەرهەمهێنـان هەیە و دەبنە هۆکـاری سـەرەکی لـەناوبردنی پێداویستی خاوەندارێتی. لـەبەر ئەم هۆیەیە کە ڕووی قسـە و پاگەنـدەی ئێمە فرەتـر لـە پرۆلیتاریـایە، لـە لایەکـی تـرەوە هەلـومەرجی ژیانیـان بـە گشـتی بۆیـان دژوار دەکـات، کە پێـش بکەون و داخواستـە باڵاکانیـان بەدەستبهێنن. بەڵام ئەمە نـابێتە هۆی ئەوەی، کە ئێمە بتێك لـە هەژار، لـەبەر هەژاربـوونی دروست بکەین؛ هەروەك هۆیەکیش نییە بۆ ئەوەی کە وی بەو باوەڕە هـان بدەین، کە ئەو خۆی لـە خۆیدا لـەپێشترە، ئەوەی کە بەدڵنیـاییەوە

ڕێوشوێنی وی لە شایانداریيەوە نایێت یا ویستی ئەو مافە بەو نادات، کە لەتەك کەسانی تردا خراپ ڕەفتار بکات، بە هەمان شێوە کە کەسانی تر بەرامبەر بە ئەو خراپ ڕەفتاریان کردووە. سەرکوتگەری دەستە قلێشاوییەکان (کە بەکردەوە هێشتاکە سەرکوتگەری کەسانێکی دەستەبژێرە و چیتر دەستانی قلێشاوییان نییە، ئەگەر پێشتریش هەیان بووبێت)، کەمتر توندوتیژ و ترسناکتر نابێت و بە بەراورد بە سەرکوتگەری دەستانی دستکێشپۆش کەمتر شەرەنگێزانەتر نابێت. تەنانەت لەوانەیە کەمتر ڕوون و زیاتر بێبەزییانەتر بێت: ئەمە تەواوی شتەکەیە.

هەژاری کاتێك لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر درێژەی دەبێتەوە، شتێکی ترسناکتر نەدەبوو، لەوەی کە هەیە، ئەگەر خوی درندانەی مۆڕاڵی و زیانی مادی و نالەباری جەستەیی بەرهەم نەهێنایە. هەژاران کەموکورتی جیاوازتریان لە کەموکورتی چینە بەرتەرەکان هەیە، کە لە دەوڵەمەندی و دەسەڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام لەوەی ئەوان باشتر نییە.

ئەگەر چی بۆرژوازی کەسانی وەك Giolitti و Graziani و تەواوی لیستی دوورودرێژی ئەشکەنجەدەرانی مرۆڤایەتی، لە داگیرکەرانی گەورە و خاوەنکارانی بچووکی زالووئاسا و چاوچنۆك، پێك بهێنێت، کەسانی وەك Cafiero ،Reclus و Kropotkine و زۆرێکی تریش بەرهەم دەهێنێت، کە لە هەموو سەردەمێکدا بەرتەرییە چینایەتیشان دەکەنە قوربانی ئامانجێك. هەروا ئەگەر چی پڕۆلیتاریا پاڵەوانان و گیانبەخشانی زۆری بە

بزاڤـــی ڕزگـــاری مرۆیـــی بەخشـــیوە و دەبەخشـــێت، هەروەها پاســەوانان، بکــوژان و دژەخونــان لە هاوچینــانی خۆشــییەوە لە خـــودی پرۆلیتاریـــاوە ســـەر دەردەهێنـــن، کە بەبـــێ ئەوانە ســەرکوتگەری بــۆرژوازی تەنــانەت بــۆ ڕۆژێکیــش نەیــدەتوانی بەردەوام بێت.

چۆن دەتوانرێت نەفرەت بگۆڕدرێت بە بنەمـای دادوەری و گیـانی فێریـاریی ئەم پێداویستییە، لە کاتیکدا ئاشکرایە کە توندوتیژی لە هەمـــوو جێیەك هەیە و بە هـــۆگەلێکەوە بەســـتراوەتەوە، کە واوەترن لە ویست و لێپرسراوەتی تاکەکەسیی؟

ئەگەر خەبـاتی چینـایەتی بە واتـای خەبـاتی بەهرەکێشکراو لە دژی بەهرەکێشــگەر بــۆ لەنــاوبردنی بەهرەکێشـــی بێــت، بهێڵـــن خەبـاتی چینـایەتی وەك ئارەزووەکـانی ئێمە بێـت. ئەم خەبـاتە ڕێگەیەکە بۆ هەڵخڕانی مـادی و ئاکـاری و هەروەهـا بنەڕەتیـترین هێزی شۆڕشە، کە دەکرێت پشتی پێبەسترێت.

بوار مەدەن نەفرەت لە ئارادا بێت، لەبەر ئەوەی کە خۆشەویستی و دادوەری نـاتوانن لە نەفـرەتەوە سـەرهەڵدەن. نەفـرەت تـۆڵە بە دوای خۆیـدا دەهێنێت، حەزی زاڵبـوون بەسـەر دوژمنـدا، پێویسـتی بە زاڵبـوونی بەرتەریـی تـاکە. نەفـرەت تەنیـا دەتـوانێت پـایەی میرایەتییە (حکومەتە) تازەکـان بێـت، ئەگەر کەسـێك سەربکەوێت، بەڵام ناتوانێت پایەی ئەنارکی بێت

بەداخەوە، دەرکردنـــی نەفرەتـــی جەمـاوەری بەهرەکێشـیکراوانێك

که جەستە و هەستییان لەژێر ئەشکەنجە و بەهرەکێشی کۆمەڵگەدایە، زۆر ئاسانە: بەڵام هەر کات ئەو دۆزەخەی کە تێیدا دەژین بە ڕۆشنایی ئامانجێك ڕۆشن بێتەوە، ئیتر نەفرەت لەنێودەچێت و حەزی کڵپەسەندنی تێکۆشان بۆ چاکە گشتگیر دەبێت.

لەبەر ئەم هۆیە، کەسانی کینەدۆز لە نێوان هاوڕێیانی ئێمەدا پەیدا نابن، سەرەرای زۆری پاگەندەگەرانی نەفرەت. ئەوان وەك هۆنەرێك وان، کە باوکی ئاشتی و چاکەیە، بەڵام چریکەی نەفرەت دەخوێنیت، چونکە ئەمە ئاسانکاری هۆنینەوەی هۆنراوەی باش (لەوانەشە خراپ) پێدەبەخشێت. ئەوان لە نەفرەت دەدوێن، بەڵام نەفرەتیان لە خۆشەویستی چێ بووە.
لەبەر ئەمە، من خۆشەویستیم بۆ ئەوانە هەیە، تەنانەت ئەگەر ناو و ناتۆرەشم لێبنێن.

# TOWARDS ANARCHISM

By: ERRICO MALATESTA

translated by: Hezheen



published by

(**KAF**) Kurdistan Anarchists Forum

May 2010